

خالد گڕاوی

Khalidabdula2000@yahoo.com

# ترس و تیرۆر درێژە پێدەری تەعریبن لە موسڵ

موسل یەکێکە لەسێ شارە گەورەکانی عێراق ، کەوتۆتە باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵات و سنورێکی فرەوانی هەیە لەگەل شارەکانی هەولێر ودهۆک تکریت و کەرکوکوک و  رومادی لەگەڵ وڵاتی سوریاش  لەڕۆژئاوا ، لەکۆنەوە پێگەی بەیەک بەستانەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا  وباکور و باشور بوە ، کە بوچونێک هەیە لەسەر ئەسلی ناوەکەی  ( موسل ) لەم بەیکبەستانەوە هاتبێت  . لە مێژوی کۆن  کوردستانی ئەمڕۆ بەشێکی سەرەکی   بوە لە ولایەتی موسل ، موسلیش بەشێکی دانەبڕاو بوە لە کوردستان  ،ئەم شارە لە ساڵی 1789 ولایەتی عوسمانی بوە کە سێ ناوچە ی دەگرتەوە ، موسل ، سلیمانی ، شارەزور وە شاری موسلیش لەم شارۆچکانە پێک هاتبو ( دهۆک ، ئامێدی ، ئاکرێ ، شەنگار )  تادورست بونی دەوڵەتی عێراقی وەک خۆی مابووەوە ، بەڵام بەرژەوەندی یە ئابوری و سیاسیەکانی هەرێمەکە وای لە ئینگلیزەکان کرد ، کە ئەم ناوچەیە بخرێتە سەر دەوڵەتی عێراق ، لێکولینەوە مێژویەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کورد لەسەردەمی زووەوە لەم ناوچەیە نیشتەجێ بونە ، وە لە ( المختێر ) ی ( ابن الفقهی)  هاتوە کە عەرەب لەسەردەمی خەلافەتی عومەری کوری خەتاب هاتونەتە ناوچەکە.
کۆچی بەردەوامی عەرەبەکن لە هۆزەکانی ( الشمر ، الحدیدی ،   .... ) لەخاکی حیجازەوە بۆ ناوچەکە لەسەدەی حەفدەمەوە تا ڕوخانی ڕژێم بەردەوام  بوە ، هەموو حکوماتەکانی عێراقی بەگشتی ڕژێمی لە ناوچوو  بەتایبەتی ،لە سیاسەتی  تەعریب کردنا موسل لە کارە لە پێشینەکانیان  بوە ، کە  بەڵگەنامە  جێماوەکانی دوای ڕوخانی ڕژێم ئەوەمان بۆ پشت ڕاست دەکەنەوە   .
ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە نزیکەی (2.800000) دوو ملیون و هەشت سەد هەزار کەسە ، لە تایبەتمەندیەکانی ئەم شارە نمونەی عیراقیکی بچکۆلەیە ، لە کۆمەڵێک نەتەوە و ئاینی جیا پێک هاتوە ، نەتەوەکانی کورد ، عەرەب ، تورکمان و ئاشوری ، ئاینەکانی موسلمان ، مەسیحی ، ئێزدی ،کاکەیی ، وە لەمەزهەبی جیا شەبەکەکانی سونی و شیعین  کەهەمویان  کوردن  ، تائیستاش قسە کردنیان بەشێوە زاراوەی ماچۆیە  کە ( هەورامی ) یە .
کوردەکان نزیکەی 800000 کەسن  ، لەناوچەکانی دەوروبەری شارەکە زۆرینەن  و لەناوشاری موسلیش  لە بەری ڕۆژهەڵاتی دیجلە لە گەڕەکەکانی ( نبی یونس ، حی الجزائر ، دەرگەزلی ، کەرامە ، حی القدس ، حی القاهرە ، حی البکر ، ناوچەی ڕەشیدیە و حی الزهرا ء) بەزۆری نیشتەجێن .

بەڵام لە ناوچەکانی تر ی وەک  ( زهور ، مێاریف ، فیێلیە ، حی الوحدە ،حی التحریر ، حی التامیم ، حی السکر و حی السومر ) ڕێژەیان کەمترە ، لەبەری ڕۆژئاوای موسلیش  بەشێکی

زۆریان لە گەڕەکەکانی ( منگقە راس الکور ، المیدان ، سوق السفارین ، وە ناوچە کۆنەکانی موسل نیشتەجێن ) وە دەتوانین بڵێین کە بە سەدان خێزانی کورد لە گەڕەکەکانی تری شارەکە لەناو بۆتەی عەرەبەکان تواونەتەوە .
کوردەکانی موێل لەچەندین هۆزی جیاوازن ، لە دیارەکانیان هۆزی هەرکی ، سورچی ، زێباری ، گۆران ، مزوری ، شەبەک ، دۆسکی ، بەرواری ، کاکەیی ، بۆتانی ، ئۆمەری ، گویان ، هەسەنی ، گەرگەری سلیفانی ، جگە لە ئێزدیەکان کە بە ڕێژەیەکی زیاتر لەئەژمار کراون .
بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی کاسبارو خەڵکی پیشەوەرن ،لەناو پیشە بەرزەکانی شارەکەش ، کوردەکان بە ڕێژەیەکی باش بەرچاو دەکەون .
دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ، بە بەرنامەی داڕێژراو بۆ دورست کردنی دوبەرەکی لەنێوان کوردو عەرەب ، شیعە و سونە ، بەدەیان هاوڵاتی بونەتە قوربانی ئەم سیاسەتە چەپەڵە ، هەر ئەم شارە لە 2005/11/11 بەدواوە جگە لەبارەگای مەڵبەند و کومیتەکانی ( ی. ن. ک. ) چەند بارەگایەکی تری حیزبە کوردیەکان بۆ ماوەیەک سەرجەم دام و دەزگاکانی کەوتە دەست تیرۆرستان ، دەسەڵات و سەروەری حکومەتی تیا نەما ، کە تیرۆرستان بەشمشێر حوکمی شارەکەیان دەکرد ، هۆکاری بەشێکی گەشەی تیرۆر لەم ناوچەیە دەکرێ بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بگێڕینەوە :
1- زۆربەی کاربەدەستە حیزبی و حکومیەکانی ڕژێم خەڵکی ئەم شارە بوون ، لەبەر ئەوەی دانیشتوانەکەی عەرەبی سونینە و لە عیراقی کۆنیش کەمایەتی سونە حوکمی کردوە وخەڵکی موسلیش لە دوای تکریت ، بە بڕبڕەی پشتی بەعس هەژمار دەکران .
2- لە کاتی پرۆسەی ئازادی عێراق و دوای پرۆسەکەش هیچ کارێکی کوشتن و تۆقاندن گرتن بەرامبەر پیاوانی ڕژێم نەکرا ، هیچ کاولکاریەکیش بەرامبەر شارەکە ئەنجام نەدرا .
3- بونی چەندان گروپی سەلەفی لەم شارە ، کەلەسەردەمی ڕژێم دورست کرابوون وە هەڵکەوتنی چەندان ئیمام و خەلیفە نمونەی ( ابو شجاع لەتەلەعفەر ) و ( ابو یمامە و ابو حمزەی شافعی لە موێل) ، کۆبونەوەی چەندان گروپی ئاژاوە گێرَی وەک ( انێار الاسلام ) کەپێشتر لە سەردەمی ڕژێم چەکدارەکانیان لە هەڵەبجە و بیارە بون و خیزانەکانیان لەو سنورە داڵدە دەدران لەلایەن ڕژێم بۆ ئاژاوە نانەوە لە ناوەوەی هەرێم ئاراستە دەکران ، دوای پرۆسەی ئازادی عێراق خەڵکی بێکار و داخ لەدڵی دژ بەکورد لە دەورەیان کۆبونەوە و جارێکی تر لەلایەن بەرپرسە هەڵاتوەکانی ڕژیم سەرکردایەتی کران.
4- کاریگەری ئەو بڕیارانەی کەدژی پیاوانی ڕژێم دەرچوو لە بێبەش کردنیان لە لێپسراویەتی و موچە وە کۆشش و هەولدانیان بۆ گەڕاندنەوەی خەونەکانی پێشویان ، بە دەستیان خستە ناودەستی گروپە ئیسلامیەکان هەڵسان بە دورست کردنی مەفرەزەی بەناو ( بەرەنگاری) دەست درێژ کردن بۆ هەموو کەلەبەرەکان ، بۆگەیشتن بەسەرچاوەکانی هاوکاری بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەکانیان .
5- نەبونی پلانێکی هاوبەش لە نیوان حیزبە کوردیەکان ، بۆ شێوازی بەرەنگاربونەوەی سیاسەتی قڕکردن و کوشتی بەردەوامی هاوڵاتیا نمان لەسەر بنەمای کوردبونیان ، بۆ ئەوەی شارەکە جێ بهێلن و ببێتە هۆکاری لاواز بونی بڕیاری سیاسی کورد لەشارەکە کە ئەمەش تەواوکەرو درێژە پێدەری سیاسەتی تەعریبە .
بەڕون و ئاشکرایی درێژە پێدەرانی سیاسەتی تەعریبی دوێنێ ، ئەمڕۆ لەپشت ئەو کارانە وەستاون کە بۆ تە هۆی پشێوی و نائارامی لە سنوری ناوچە تازە ئازاد کراوەکان بۆ تەواو کردنی پاشماوەی سیاسەتی تەعریب لەسنورەکە ، هەمو هەوڵەکانیان خستۆتە گەڕ بە بێ بونی

هیچ لەمپەرێکی بەرچاو  و بەهێز لەبەر دەمیان ،  ئە گەر ڕژێمی بەعس تارۆخانی دەستەلاتی کردبێتە هۆکارێکی تەعریب کردن ئەمرۆ دەستەلاتی  کوردی لەسەر ئاستی عیراق بەپلەی یەکەم دێت  و بەبەرچاوی کورد سەرکردایەتیەکەی ڕۆژانە کاری کوشتن و دەرکردنی  بە لێشاوی کوردان ئاوارە بونی بەردەوامیان بەرەو ناوچەکانی سنوری هەرێم بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو، ئەوەندە بایەخ  بەم کێشەیە  نەدراوە و لەبەرامبەریشدا ، بە بەرنامە کۆچی  عەرەب لە ناوچەکانی باشورو ناوەراست بەرەو شارەکە ئاراستە دەکرێت  .

بەئاشکرا هەولی گۆڕینی دیموگرافیای شارەکە بەردەوامە دەستەلاتی کوردی دەبی بزانی کەکار وا بڕوا وفریای چارەسەیکی گونجاو نەکەون سبەی لەجێ بەجێ کردنی بڕیاری 140 ئیمە کەمینەین و دەنگەکانمان لە ڕیفراندۆم بێ سود  دەبێ و بەهەدەر دەڕوا  . .

ئەم شارە شاری برایەتی  و پێکەوە ژیان بوە ، ئەمرۆش بایەخ دان بەم شارە و بە خەلکەکەیو پاراستنیان لەو کابوسەی کەبەتیرۆر ناسراوە  ، لەگەڵ مانەوەی هەویەی کوردی  شارەکە و ڕزگار کردنی لە  فشاری توندی  شۆفینی عەرەبی  ، بە بەربەست دانان و بەرگری کردن لە  هەڕەشەی سڕینەوەی هەویەی کوردی ناوچە کورد نیشینەکان    پێویستی بە هێزی زیاتری کوردی وهاوئاهەنگی زیاتری کوردو ئەمریکەکان هەیە و تا بتوانین کار بۆ    گەڕاندنەوەی ناوچە تەعریب کراوەکان بکەین وخەڵکە ڕەسەنەکە بپارێزین ، وە هەوڵ بدەین بۆ  کارا کردنی مادەی 140 و فرەوان کردنی لێژنەکانی کە ئەندامانی شاری موسل و دەوروبەری  بگریتەوە  ، تابتوانین هەولی بنبرکردنی یەکجارەکی  کێشەی سەرەکیمان بدەین کە دیاری کردنی  سنورە .

ئەرکی یەکەمی حیزبە کوردستانیەکان  و  حکومەتی  هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی کوردە لەبەغدا ئەوەیە  ئەم ناوچەیە پەراوێز نەکەن ، بە شێوەیەکی کاراترو زانستیانە مامەلە لە گەڵ ڕوداوە نەخشە بۆ کێشراوەکانی ناوچەکە بکەن   .